وەزیری پەیوەندییەکان داواکارییەک پێشکێش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکات بە بلۆککردنی تیک تۆک

ئەمە دووشەمە، وەزیری پەیوەندییەکان، هیام ئەلیاسیری، ڕایگەیاند کە داواکارییەک پێشکێش بە ئەنجومەنی وەزیران کراوە بە مەبەستی گریکردن لەبەکارهێنانی تیک تۆک، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە عێراق لە لیستی ئەو وڵاتانە دەرچووە کە زۆرترین سەردان و بینینی سایتە سیکسیەکان هەبووە.

ئەلیاسیری لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئەمە بەوەچو ڕایگەیاند" ژمارەی سەردانەکان بە سایتە سیکسیەکان لە ماوەی مانگی یەکی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە نیو ملیار بووە، بەڵام ژمارەی سەردانەکان بە ئەو شێوانە لە ماوەی مانگی شوباتی ئەمساڵدا کەمیکردووە بە 89 ملیۆن سەردانیکەر.

ئاماژەی بەوەشکرد کەعێراق لە لیستی ئەو وڵاتانە دەرهێنرا کە زۆرترین سەردان و بینینی سایتە سیکسیەکانی هەبوو، ئاشکراشیکرد کەداواکارییەک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بە بلۆککردنی پلاتفۆرمی تیک تۆک".

ناوبراو جێختی لەسەر پێویستی هاوکاری نوێنەرانی خەڵک لە ئەنجومەنی نوێنەران کردەوە بە ڕاگرتنی ئەم پلاتفۆرمانە.